
لێکۆڵینەوە



محەمەد یەسری
وەرگێڕانی: ئاران عەلی

# مێژووی بەسیاسیکردنی نوێژی هەینی لە ئیسلامدا

لەنێو گشت سروت و پەرستشە ئیسلامییەکاندا، نوێژی هەینی پێگەیەکی گرنگ و بایەخداری هەیە، ئەوەی ئەم گرنگی و بایەخەی زیاتر کردووە، بەناوداچوون و دەستتێوەردانیەتی لە کایە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، بەمەش بۆتە ئامرازێک بە دەست دەسەڵاتدارانەوە بۆ تێپەڕاندن و جێبەجێکردنی بڕیار و بیرۆکەکانیان بەسەر خەڵکدا لە گشت سەردەمەکاندا. زیاتر لە (سێ ملیۆن و شەشسەد هەزار) مزگەوت لە سەرجەم پنتەکانی جیهاندا نوێژی هەینییان تێدا دەکرێت، هەموو ڕۆژێکی هەینی، لە هەر یەکێکیانەوە، وتارێکی لێوە پێشکەش دەکرێت، کە پشکی شێری ئەو وتارانە بۆ گوزارشت کردنن لە ڕا و بۆچوونی دەسەڵاتداران، ناوەڕۆکی زۆرینەی وتارەکانیش دەچنەوە ناو کەڵکەڵە و مەترسیی گشت موسوڵمانان لە هەر جێیەک بن.

## چۆن فۆڕمی نوێژی هەینی گۆڕانکاریی بەسەردا هات؟

لای هەموو لایەک ئاشکرایە کە فەرزکردنی نوێژی هەینی بەسەر موسوڵماناندا، دەگەڕێتەوە بۆ پێش کۆچی محەمەدی پەیامبەری ئیسلام لە مەککەوە بۆ مەدینە، بەڵام دوای کۆچ ئینجا ئەم فەرزە چووە بواری جێبەجێکردنەوە و بە پراکتیکی ئەنجامدرا، چونکە پێش کۆچکردن، موسوڵمانان گیرۆدەی دەستی زەبروزەنگی زۆری قورەیشەکان بوون. مێژوونووسی ئیسلامی ئیبن سەعد (محەمەد کوڕی سەعد ئەلبەغدادی، لە نیوەی یەکەمی سەدەی سێیەمی کۆچییدا مردووە)، لە کتێبەکەیدا «الطبقات الكبرى» باس لەوە دەکات پێغەمبەر بۆ یەکەم جار لە «قباء» و پێش چوونە ناو «يثرب» نوێژی هەینیی کردووە. وێڕای ئەوەی لە سەردەمی پێغەمبەر لە مەدینە، زیاتر لە 500 نوێژی هەینی کراوە لە ماوەی دە ساڵدا، بەڵام کتێبی فەرموودەکانی محەمەد و کتێبە مێژووییەکانی دیکەش، دەقی هیچ کام لەو وتارانەیان بۆ تۆمار نەکردووین کە لەو نوێژانەدا پێشکەش کراون.

زۆرێک لە بیروبۆچوونەکان لەو باوەڕەدان کە فۆڕم و شێوازی نوێژی هەینی لە کۆتاییەکانی سەردەمی ڕاشیدیین و سەرەتاکانی دەوڵەتی ئومەوییدا گۆڕانێکی زۆری بەسەردا هاتووە، بە جۆرێک کە خەلیفەکانی بەنی ئومەیە ئەو گۆڕانەیان لە پێناو پارێزگاری لە دەسەڵات و فەرمانڕەوایی خۆیان بەکارهێناوە. ئەو پرسەی لێرەدا خۆی زەق دەکاتەوە، بریتییە لە پێشخستنی «وتاری هەینی» بۆ پێش «نوێژی هەینی». زۆرێک لە کتێبە مێژووییەکان بە ڕوونی باسیان لەوە کردووە کە بۆ یەکەم جار (عوسمانی کوڕی عەفان) ئەم کارەی کردووە. لێرەدایە (ئیبن مونزیر نەیسابووری، کە ساڵی 318ی کۆچی مردووە) لە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی «الأوسط في السنن والإجماع والاختلاف»، دەڵێت: «پێغەمبەر و ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان، نوێژیان دەکرد و پاشان وتاریان پێشکەش دەکرد، بەڵام کاتێک لە سەردەمی عوسماندا بەشداربووانی نوێژی هەینی زیادیکرد، لەو باوەڕەدا بوون کە لە نوێژەکە ناکەن یاخود فریای ناکەون، بۆیە وتار پێشکەش دەکرا پاشان نوێژ دەکرا».

هەروەها (ئیبن حەجەری ئەسقەلانی، کە ساڵی 852ی کۆچی مردووە) لە کتێبی «فتح الباري في شرح صحيح

البخاري»دا لە (حەسەنی بەسری)یەوە دەگێڕێتەوە: «یەکەم کەس کە پێش نوێژکردن وتاری پێشکەش کرد، عوسمان بوو، ئەویش پێشتر نوێژی بە خەڵکەکە دەکرد و دواتر وتاری پێشکەش دەکردن، بەڵام بینیی خەڵکانێک هەن نوێژەکە ناکەن، بۆیە ئەویش پێچەوانەی کردەوە»، واتە وتاری پێشکەش دەکرد و دواتر نوێژی دەکرد.

ئەم بۆچوونە لێکدژە لەگەڵ هەندێک فەرموودەدا، بۆ نموونە ئەو فەرموودانەی ئەبوداود لە «سنن أبي داود»دا باسیان دەکات، کە خودی پێغەمبەر هەستاوە بە هێناپێشەوەی وتار بۆ پێش نوێژی هەینی، کاتێک لە یەکێک لە هەینییەکاندا موسوڵمانان لە دەوری کۆبوونەوە پاش بەڕێکردنی کاروانێکی بازرگانی. بەڵام ئەوەی لە هێزی ئەم بۆچوونە کەم دەکاتەوە ئەوەیە کە سەرجەم فەرموودە ئاماژەپێکراوەکان، لەو هەواڵانەوە هاتوون کە زۆرینەی زانایانی هاوچەرخ بە لاوازیان دادەنێن، ئەمە بە گوێرەی قسەی (دکتۆر مەحموود تەحان) لە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی «تیسیر مصطلح الحدیث».

ئومەوییەکانیش هەر لەسەر هەمان ڕێچکەی پێشخستنی وتار بەردەوام بوون، جەختیشیان لە بڵاوکردنەوەی ئەو باوەڕە دەکردەوە کە گرنگییەکی ڕەهای هەیە، لێرەوە ئەو فەرموودانەی پێغەمبەر دەرکەوتن و بڵاوبوونەوە کە ئەو کەسانەیان بە مونافیق تۆمەتبار دەکرد کە نەدەچوون بۆ نوێژی هەینی، بەڵکو بانگەشەی ئەوەشیان دەکرد کە پێغەمبەر فەرمانی کردووە بە سوتاندنی ماڵی ئەوانەی دەست لە نوێژی هەینی هەڵدەگرن.

خاڵی دووەم کە داهێنراوی ئومەوییەکان بوو لە نوێژی هەینییدا، بریتیبوو لە درێژکردنەوەی کاتی وتاری هەینی، و گوشار هێنان بۆ ئەوانەی لەمە ناڕازی بوون، وێڕای ئەوەی زۆرینەی ئاماژە مێژووییەکان، باس لە کورتیی ماوەکەی دەکەن لە سەردەمی پێغەمبەردا.

(ئەبو یوعەلای موسڵی- کە ساڵی 307ی کۆچی مردووە)، لە مەسنەدەکەی خۆیدا باس لەوە دەکات کە (حەکەم کوڕی ئەیوبی سەقەفی)، کە لەلایەن ئومەوییەکانەوە وەک والیی بەسرە دانرابوو، وتاری هەینیی زۆر درێژ دەکردەوە، کاتێکیش یەکێک لە هاوەڵانی پێغەمبەر (یزید بن نعامة الضبي) ناڕەزایی دەردەبڕێت و دەڵێت «ڕەحمەتی خودات لێبێت بۆ ناچیتە سەر نوێژەکە»، والی دەیگرێت و ماوەی 10 ساڵی ڕەبەق لە زینداندا دەمێنێتەوە.

(جەمالەدین ئەلمەزی- کە ساڵی 742ی کۆچی مردووە)، لە کتێبەکەیدا «تهذیب الكمال»، باس لەوە دەکات کە یەکێک لە هاوەڵانی پێغەمبەر بە ناوی (زیاد بن جاریة) لە سەردەمی (وەلیدی کوڕی عەبدولمەلیک)دا دەچێتە ناو مزگەوتی دیمەشق، دەبینێت وتاربێژی نوێژی هەینی وتارەکەی گەلێک درێژ کردۆتەوە، هەتاوەکو نزیک کاتی نوێژی عەسر، لەوێدا ناڕەزایەتی دەردەبڕێت و دەڵێت: «سوێندت دەدەم خودا هیچ پێغەمبەرێکی دیکەی نەناردووە دوای محەمەد تا فەرمانی ئەم جۆرە نوێژەت پێبکات»، چەند سەربازێکی بۆ دەنێرێت و دەیکوژێت.

هەروەها (ئیبن سەعد) باس لە درێژکردنەوەی نوێژی هەینی دەکات لە لایەن والیی عێراق (حەجاجی

کوڕی یوسف)، کە وەهای کردبوو (عەبدوڵڵای کوڕی عومەر) چەند جارێک ئاگاداری بکاتەوە، کە باس لەوە دەکەن ئەمە بووبێتە مایەی توڕەبوونی حەجاج، کە دواتریش فەرمان بە یەکێک لە پیاوەکانی دەکات ئیبن عومەر بکوژن.

ئەم خواست و کەڵکەڵەیەی ئومەوییەکان بۆ درێژکردنەوەی ماوەی وتاری هەینی، کە پاساوەکەی چەند فەرموودەیەکی نەبوییە، بۆ نموونە لەو فەرموودانەی لە کتێبی «الطبقات الکبری»دا هاتوون: «کاربەدەستانی دوای خۆم پێویستە لەسەرتان نوێژی هەینی پاش بخەن، ئەمە بۆ ئێوەیە و لەسەرتانە، نوێژ لەگەڵ ئەوانەدا بکەن کە پێکەوە ڕوودەکەنە قیبلە»، ئەمە چووە پاڵ ئەو ئاڕاستە ئایدیۆلۆژییەی کە ئومەوییەکان جەختیان لە گشتاندنی دەکردەوە، کە داوای ملکەچییەکی کوێرانەی دەکرد، بە بێ ئەوەی گوێی ئەوە بدرێتێ کە تا چەند کردەی دەسەڵاتخوازانە لەگەڵ شەرعی ئایینی و نەبوونییدا دەسازێت.

کاتێک دەتوانین لە سووربوونی ئومەوییەکان لە درێژکردنەوەی وتاری هەینی تێبگەین، ئەگەر ئەوەمان زانی کە ناواخنی سەرەکیی وتارەکانیان بە کاملی سیاسی بووە، بە کۆی گشتی لە دەوری پرسی جەختکردنەوە لە شەرعیەتی دەسەڵاتی ئومەوییەکان سووڕاوەتەوە، لەگەڵ هێرشکردنە سەر نەیارە سیاسییەکانی.

(جەلالەدین سیوطی) لە کتێبی «مێژووی جێنشینەکان»دا باس لەوە دەکات کە یەکەمین خەلیفەی ئومەوی (معاویەی کوڕی ئەبوسوفیان)، سوننەتێکی نوێی لە وتاری هەینیدا هێناوەتە کایەوە، ئەویش سونەتی نەفرەت و قسەگوتن بوو بە (عەلیی کوڕی ئەبوتالیب).

(ئەلمەسعودی) لە کتێبەکەیدا «مروج الذهب» جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەو نەریتە ئومەوییە لە سەرجەم پنتەکانی دەوڵەتی ئیسلامییدا بڵاوبۆتەوە، والییە ئومەوییەکانیش، لە نموونەی (حەجاجی کوڕی یوسف و زیادی کوڕی ئەبیە)، چاوپۆشییان لە جێبەجێکردن و ناچارکردنی خەڵک نەدەکرد بۆ پابەندبوون بە نوێژی هەینییەوە، بگرە زۆرجار بازنەی تۆمەتبارکردن و بەنەفرەتکردنەکە سیمبولەکانی دیکەی ئۆپۆزسیۆنیشی دەگرتەوە، وەک (عەبدوڵڵای کوڕی زوبێر و موختاری کوڕی عوبەیدوڵڵا).

ئەم داهێنراوە هەتاوەکو ساڵی 99ی کۆچییش بەردەوام بوو، کاتێک (عومەری کوڕی عەبدولعەزیز) دەسەڵات دەگرێتە دەست و دەیگۆڕێت بەم بڕگەیەی سورەتی (النحل): «إن الله یأمر بالعدل والاحسان وإیتاء ذي القربی وینهی عن الفحشاء والمنکر والبغي یعظکم لعلکم تذکرون».

### دەسەڵات و مینبەری نوێژی هەینی

دەوڵەتە ئیسلامییە یەک بە دوای یەکەکان نوێژی هەینییان وەک بوارێک بینیوە بۆ سەپاندنی سێنترالیزمی ڕەهای خۆیان، بە ئامرازێکیشیان داناوە بۆ چاودێریکردنی نەیارەکانیان، هەربۆیە زۆربەی بۆچوونە فیقهییەکان بەو ئاڕاستەیەدا ڕۆیشتوون کە نوێژی هەینی لە هەر شارێکدا تەنها لە یەک

مزگەوتـی گـەورەدا بکرێـت، تەنهـا مەگـەر هۆکارێکـی زۆر باوەڕپێهێنـەر هەبێـت.

بـۆ نموونـە (مەنسـوری کـوڕی یوسـف بەهوتـی حەنبەلـی- کـە سـاڵی 1051ی کۆچـی مـردووە) لـە کتێبەکەیـدا «الـروض المربـع شرح زاد المسـتنقع»، بـاس لـە کۆڕایی کۆمەڵـی فوقەهـا دەکات بـۆ حەرامکردنـی نوێـژی هەینـی لـە زیاتـر لـە جێگەیەکـدا «تەنها مەگەر لەبـەر بەرفراوانیـی وڵاتەکـە و دووری ناوچەکانـی لـە یەکـتر و بەرتەسـکی و بچووکیـی مزگەوتەکـە نەبێـت». هەروەهـا ئامـاژە بـەوە دەکات لـە حاڵەتـی ئەنجامدانـی نوێـژی هەینـی لـە دوو مزگەوتـدا بەبـێ هیـچ پاساوێکی بەهێـز، ئـەوا بێگومـان لـە یەکێکیانـدا نوێژەکـە بەتاڵـە.

کارێکـی دیکـە کـە یارمەتیـدەر بـووە لـە بەسیاسـیکردنی نوێـژی هەینیـدا، ئەوەیـە کـە ئیمامـی ئـەو مزگەوتـەی نوێـژی هەینیـی تێـدا دەکرێـت سـەر بـە دەسـەڵاتی فەرمانـڕەوا بێـت، کـە لـەم حاڵەتەشـدا یـان خەلیفەیـە یاخـود والـی یـان کاربەدەسـتێکی سـەر بـە دەوڵـەت بـووە، بـە مانایەکـی دیکـە پرسـی زانیـن و نەزانیـن، یاخـود زاناتربوونـی کەسـێک لـە چاو یەکێکی دیکـەدا نەبـووە بـە کێشـە، لەسـەر ئـەو بنەمایـەی کـە هەندێـک لـە کارەکتـەرە ئایینیـە گرنگـەکان لەپشـت کاربەدەسـتانی خەلیفـەوە نوێژیـان کـردووە، لـە گرنگتریـن نموونـەی ئەمـەش نوێژکردنـی (عەبدوڵـڵای کـوڕی عومـەر) بـووە لـە پشـت (حەجاجـی کـوڕی یوسف)ـەوە.

(دکتـۆر ئەحمـەد سـوبحی مەنسـوور) لـە کتێبەکەیـدا «دروسـتبوون و پەرەسـەندنی ئاییـنە زەمینییەکانـی موسـوڵمانان»، بـاس لـەوە دەکات کـە جەختکردنـەوەی دەسـەڵات لەسـەر سـەپاندنی هەژموونـی خـۆی بەسـەر سرووتـی بەڕێوەچوونـی نوێـژی هەینـی، لـە میانـەی کۆنترۆڵکردنـی بابەتـی وتـاری هەینـی و ناواخنەکـەی. لـە بەرامبەریشـدا ئاراسـتەیەکی پێچەوانـە لای توێژێکـی بەرفراوانـی موسـوڵمانان بـە گشـتی هەیـە، ئـەو ئاراسـتەیەی کـە شـوێنکەوتوان و پەیڕەوکارانـی جەخـت دەکەنـەوە لـە گرنگیـدان بە سروتـە تاکەکەسـییەکان، لە نموونـەی زیادکردنی نوێژەکـە و قووڵبوونـەوە لـە ملکەچـی لـە کاتـی نوێژکردندا و زیادەڕۆیـی لـە خوێندنـی قورئـان و نـزا و پاڕانـەوە بـۆ خـودا، ئەمـەش واتـە جێگرتنـەوەی بەسیاسـیکردنی نوێـژی هەینـی بـە فۆرمـی دیکـەی دەرخسـتنی لایەنـە ڕۆحییـەکان.

**زیاتر لە (سێ ملیۆن و شەشسەد هەزار) مزگەوت لە سەرجەم پنتەکانی جیهاندا نوێژی هەینییان تێدا دەکرێت، هەموو ڕۆژێکی هەینی، لە هەر یەکێکیانەوە، وتارێکی لێوە پێشکەش دەکرێت، کە پشکی شێری ئەو وتارانە بۆ گوزارشت کردنن لە ڕا و بۆچوونی دەسەڵاتداران**

بەکارهێنانی سیاسیی گوتاری هەینی هەر بە تەنها لە پیاهەڵدان و بانگەشەکردن بۆ دەسەڵاتی سیاسی نەوەستاوە، یاخود نەفرەت و دژایەتیی نەیارەکانی، بەڵکو لە زۆر کاتدا پەنا براوەتە بەر ئەم نوێژە وەک ئامرازێک بۆ ڕاگەیاندنی بڕیارە سیاسییە هەرە گرنگ و کاریگەرەکان لە مێژووی دەوڵەتە ئیسلامییەکاندا. کاتێکیش لە وتاری هەینییدا زۆر جار نزا بۆ خەلیفە دەکرا، ئیدی ئەم نزایە وەک داننانێکی فەرمی بوو بە پێشخستن و سەرخستنی لایەنێک بەسەر لایەنێکی دیکەدا. بۆ نموونە ئەو وتارەی (ئەبو عەباسی سەفاح) ساڵی 132ی کۆچی لە مزگەوتی کووفە پێشکەشیکرد، دەرخستنی سەرەداوی سەرەتاکانی دەوڵەتی عەباسی و کزبوونی ئەستێرەی دەوڵەتی ئومەوی بوو لە خۆرهەڵات. زۆر بە باشی دەتوانین لەو تێکئاڵۆزان و بەیەکداچوونە گەورەیەی نێوان هەردوو کایەی ئایینی و سیاسی لە وتاری هەینیدا تێبگەین، ئەگەر درکمان بەوە کرد کە لە سەروبەندی نزیکبوونەوەی عەباسییەکان لە دیمەشق، خەڵکی بۆچوونی جیاوازیان هەبوو لەسەر ئومەوییەکان و عەباسییەکان، ئەم جیاوازی و ناکۆکییانەش لەناو وتاری هەینیدا ڕەنگدانەوەی هەبوو، بە جۆرێک کە هەر بەرەیەک مینبەری خۆی جیادەکردەوە، بۆ نموونە دوو وتار لە مزگەوتی دیمەشق پێشکەش دەکرا، وەک ئەوەی (ئبن عەساکیر) لە کتێبەکەیدا «مێژووی دیمەشق» باسی لێوە دەکات.

لە سەردەمی بوەیهییەکاندا، وتاربێژانی هەینی ڕاهاتبوون بە نزاکردن بۆ خەلیفەی عەباسی و سوڵتانی بوەیهی، ئەمەش هاوساز بوو لەگەڵ ئەو گۆڕانەی لە فۆرمی دەسەڵات و دابەشبوونیدا هاتبووە ئاراوە، دابەشبوونی لەنێوان بەشە زەمەنیەکەی لەناو دەستی سوڵتان و بەشە ڕۆحییەکەی لە دەستی خەلیفەدا. لەژێر سایەی ململانێی عەباسییەکان و فاتیمییەکاندا، وتاری هەینی بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش بەکارهێنرا، لە هەندێک کاتدا بانگەشەی بۆ خەلیفەی فاتیمییەکان دەکرد لە بەغدادی پایتەختی عەباسی، بۆ نموونە وەک ساڵی 450ی کۆچی، کە هەندێک کاتی دیکەش بانگەشەی بۆ خەلیفەی عەباسی کردووە لە قاهیرەی زێدی فەرمانڕەوایی فاتیمییەکان، وەک ئەوەی ساڵی 457ی کۆچی ڕوویدا، ئەمەش بە پێی گێڕانەوەی (تەقیەدین مەقریزی) لە کتێبەکەیدا «اتعاظ الحنفا بأخبار الأئمة الفاطميين الخلفا».

هەردوو بەرەی ناوبراو سووربوون لەسەر نزاکردن بۆی لەسەر مینبەری هەریەکە لە مزگەوتی پێغەمبەری ئیسلام لە مەدینە و کەعبە لە مەککە، پارەیەکی زۆریشیان لەو بوارەدا خەرج کرد، چونکە نزاکردن بۆ یەکێک لە دوو خەلیفەکە لەو دوو شوێنە پیرۆزەی موسوڵمانان، ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە دەسەڵاتدارێکی هەرە خاوەن هەژموون و پێگە بووە لە وڵاتانی ئیسلامییدا.

بەکارهێنانی وتاری هەینی لە قۆناغەکانی پاش سەردەمی ئومەویدا، لە پێناو ڕووتکردنەوەی نەیارەکانییدا لە ڕووی ململانێی سیاسی و ئایینییەوە. مەسعودی ئاماژە بەوە دەدات کە مەئمونی عەباسی فەرمانی کردووە بە بەنەفرەتکردن و تانەدان لە (معاویە) لە نوێژی هەینیدا، وەک چۆن خەلیفە (موعتەمید عەلالڵا) فەرمانی کردووە بە بەنەفرەتکردنی والیی میسر (ئەحمەدی کوڕی تۆڵۆن).

هەندێک جار بەکارهێنانی نوێژی هەینی وەک چەکێک درێژتر دەبێتەوە تا دەگات بە پاکتاوکردنی دەستە و تاقمە ناکۆکەکان، هەم ناکۆک لە ڕووی سیاسییەوە، هەم لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە. بۆ نموونە لە نیوەی دووەمی سەدەی پێنجەمی کۆچییدا (عیماد ئەلملیک کەندەری)ی وەزیر، سوڵتانی سلجوقی (توغرول بەگ)ی هاندا بۆ بەنەفرەتکردنی ئەشعەرییەکان و تانە لێدانیان لە وتاری هەینیدا، هەر زانایەکی ئەشعەرییش کە ناڕەزایەتیی دەربڕیبێت ڕووبەڕووی چەوساندنەوە بووە، لە نموونەی (ئەبی قاسمی قوشەیری) و (ئەبی مەعالی جوەینی)، ئەم نەهامەتییە بەردەوام بوو تا ئەو کاتەی توغرول بەگ کۆچی دوایی دەکات و (ئەلپ ئەرسەلان) دەسەڵات دەگرێتە دەست، ئەوەبوو کەوتە دەمارگیری بۆ ئەهلی سونە لەژێر کاریگەریی (خواجە نیزام مەلیکی توسی)ی وەزیریدا، ئەمەش بە گوێرەی گێڕانەوەی (تاجەدین سەبکی) لە کتێبی «طبقات الشافعیة الكبرى».

## نوێژی هەینی لای شیعەکان

ئەگەر نوێژی هەینی بووبێتە یەکێک لە چەکە گرنگەکان بە دەستی دەسەڵاتی فەرمانڕەواوە، لە هەمان کاتدا شمشێرێکی تیژ و ئامادە بوو لەسەر ملی ڕێبازە سیاسییە دژ و ناکۆکەکان، لەپێش هەموویانەوە شیعەی دوانزە ئیمامی.

سەید محەمەد سەدر لە کتێبەکەیدا «اللمعة في حكم صلاة الجمعة» ئاماژە بەوە دەدات کە گشت ئیمامەکانی شیعە بە تەواوی خۆیان بەدوورگرتووە لەو نوێژە هەینییانەی لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئومەوی و عەباسییەوە بەڕێوەدەچوون، ئەوەش بە هۆی دانانیان بە شەرعیەتی ئەو دەسەڵاتانەدا. بەڵام لە هەمان کاتدا داوایان لە لایەنگرانی خۆیان دەکرد نوێژی خۆیان لە کۆبوونەوەکانی تایبەت بە خۆیاندا بکەن، وەک بەڵگەیەکیش بۆ ئەمە (ئەبوجەعفەری تۆوسی- کە ساڵی 460ی کۆچی مردووە)، لە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی «الاستبصار» بە گێڕانەوە لە گوتەیەکی (ئیمام جەعفەری سادق) بۆ لایەنگرانی دەڵێت: «ئەگەر ڕۆژی حەوتەمی هەفتە هەینییە، بۆ ئەوەیە بە کۆمەڵ نوێژ بکەن».

زۆرێک لە کتێبە شیعییەکان ئاماژە بەوە دەدەن بەشێکی زۆر لە شیعەکان ناچاربوون وەک شتێکی فەرمی لە نوێژی هەینیدا ئامادە بن. سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژە بە ناوی هەندێک لە کەسێتییە مێژووییەکان دەکەن کە لە سەردەمی ئومەوییدا ڕووبەڕووی چەوسانەوە بوونەتەوە بە هۆی ڕەتکردنەوەی ئەو جوڵانەوە بەنەفرەتکردنە بەکۆمەڵەی دەکرایە سەر عەلیی کوڕی ئەبی تالیب، لەوانەش (حەجەری کوڕی عودەی) کە لەگەڵ ژمارەیەک لە هاوەڵەکانیدا بە فەرمانی (معاویەی کوڕی ئەبوسوفیان) کوژرا، ئەمەش بە پێی ئاماژەی (ئەلتەبەری) لە مێژووەکەیدا.

پاش دیارنەمان و لەبەرچاوبزربوونی ئیمامی دوانزەیەم و ڕوودانی (غەیبەتی درێژماوە، یان غەیبەتی گەورە) لە ساڵی 329ی کۆچییدا، بە گوێرەی بۆچوونی باوی شیعە، زۆرێک لە سەرچاوە و فیقهناسە شیعەکان لەو باوەڕەدان کە نابێت نوێژی هەینی بکرێتەوە هەتاوەکو جارێکی دیکە ئیمام دەردەکەوێتەوە، لە دیارترین ئەو کەسانەی ئەم بۆچوونەی دەربڕیوە

(شێخ موفید، شەریف مورتەزا و ئیبن ئیدریسی ئەلحەلی) بوون.

لە کۆتاییەکانی سەدەی دەیەمی کۆچییدا، هاوکات لەگەڵ پێکهاتنی دەوڵەتی سەفەویی شیعە مەزهەب لە ئێران، وەرچەرخانێکی گرنگ و کاریگەر ڕوویدا، کاتێک فیقهناسی شیعە (موحەقیق ئەلکەرەکی) ڕێگەیدا بە بەڕێوەچوونی نوێژی هەینی لە زەمەنی غەیبەتدا، ئەمەش لەپێناو بونیادنانی دەوڵەتێکی بەهێزی شیعەدا، هۆکاری ئەم ڕێگەپێدانە و ئەم بڕیارەشی لە کتێبێکدا شیکردۆتەوە بە ناوی «جامع المقاصد»، ئەوەبوو بە شێوەیەکی کردارەکییش نوێژی هەینیی ئەنجامدا، بە پشتبەستن بەو نفوزە سیاسییە بەرفراوانەی کە (شا تەهماسپی یەکەم) پێی بەخشیبوو.

پاش لەناوچوونی دەوڵەتی سەفەوی، زۆرینەی شیعە گەڕانەوە بۆ ڕێبازەکەی سەرەتایان، واتە ئەنجامنەدانی نوێژی هەینی، ئەم دۆخە هەر بەو شێوەیە مایەوە هەتاوەکو شۆڕشی ئێران لە ساڵی 1979، کاتێک ئایتوڵڵا خومەینی گەیشتە دەسەڵات و تیۆرەکەی خۆی جێبەجێکرد کە بریتیبوو لە ویلایەی فەقیهـ ، کە بە پێی ئەم تیۆرە فەقیهی شیعەکان کە هەموو مەرجە پێویستەکانی تێدا کۆبووبێتەوە، هەڵدەستێت بە جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەی کە دەبوو ئیمامی نائامادە و نادیار جێبەجێی بکردنایە.

لێرەوە هەر هەمان ساڵ خومەینی داوای لە ئێرانییەکان کرد کە لە شاری تاران نوێژی هەینی ئەنجامبدەن، هەر خۆیشێ (ئایەتوڵڵا تاڵەقانی)ی ڕاسپراد بۆ پێشنوێژییەکەی. ئێستا پۆستی ئیمامی نوێژی هەینی لە تاران یەکێکە لە پۆستە ئایینییە-سیاسییەکانی ئێران، هەرە دیارترین پیاوە ئایینییەکانی ئێرانیش ئەم پۆستەیان وەرگرتووە، لەوانە هاشمی ڕەفسنجانی.

کاریگەریی زیندووکردنەوەی نوێژی هەینی لە لایەن خومەینییەوە، سنوورەکانی ئێرانی تێپەڕاندووە و گەیشتۆتە هەندێک لەو وڵاتە عەرەبییانەی کە گروپ و دەستە و تاقمە شیحەکانی لێیە. لە وڵاتی لوبنان و لە ناوەڕاستی ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا، مەرجەعی شیعە (محەمەد حسەین فەزڵوڵڵا) داوای ئەنجامدانی نوێژی هەینیی کرد، لە کتێبەکەشیدا «الندوة»، بە ڕاشکاوی باس لەوە دەکات کە نوێژی هەینی، نوێژی نیوەڕۆی دەوڵەمەندتر کردووە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی ڕەخنەی لە زۆرێک لە لایەنە تیۆرییەکانی ویلایەی فەقیهـ گرتووە.

سەبارەت بە عێراقیش، ئایەتوڵڵا محەمەد سەدر لە کۆتایی نەوەدەکاندا داوای لە شیعەکان کرد کە نوێژی هەینی ئەنجام بدەن، خودی خۆیشی لە مزگەوتی کوفە و لە نەجەف نوێژی هەینیی کردووە، ئەم سروتە ئایینییەشی وەک ئامرازێک بەکاردەهێنا بۆ نەیارێتیی ڕژێمی بەعسی فەرمانڕەوای ئەو کات، لەم میانەیەشەوە سەرکەوتوو بوو لە کۆکردنەوەی ڕای گشتی دژ بە سیاسەتەکانی سەدام حسێن، پێش ئەوەی لە ساڵی 1999دا تیرۆر بکرێت.

**سەرچاوە:**

https://raseef22.com/politics/201989-%27/01/